# خواو بۆش
# (خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆڵی ئاین لە ئەمریکا)

سەردار عەزیز
sardar2@campus.ie

لێگەڕێ با هەموو زەوی لە خوا بترسن، لێگەڕێ با هەموو خەڵکی ڕێزی ئەو بگرن، ئینجیل.
(گەندەڵبوونی باشترین خراپترینە) پەندێکی لاتینی Corruptio optimi pessima

لە ڕۆمانێکی ڕۆماننوسی ئەمریکی ناسراو مارک توین، کە ناوی سەرکێشیەکانی تۆم ساوێرە. تۆمی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، پیاوێکە لە یەکێکە لە گوندە دورەدەستەکان ئەژی، لە ساڵی 1840. بە نزیک بونەوەی ڕۆژی چواری تەمموز (ڕۆژی سەربەخۆی ئەمریکا)، تۆم بیرلەوە ئەکاتەوە کە بروات بۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی سەرۆکی مەزنترین وولاتی دونیا ببینێ. تۆم زۆر بیرلەوە ئەکاتەوە دەبێت سەرۆک چۆن بێت. کە دەگاتە واشتون و سەرۆک دەبینێ قسەئەکات، توشی نائومێدی ئەبێت، چونکە سەرۆک وا دەرنەکەوت کە بەلای کەمەوە 25 پێ درێژبێت.
ئەگەر بێتوو تۆم لە 4ی تەمموزی داهاتوودا سەردانی واشنتوون بکات، ڕەنگە ئەوەندە نائومێد نەبێت، چونکە سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، بە پێچەوانەی سەرۆکی ئەو ساتەی ئەمریکا کە ڤان دی بێرن بوو، دەیەوێ خۆی لە خەڵکی سادە بە جیابگرێ. سەرۆک بۆش بڕوای وایە کە خوا ڕاستەوخۆی شتی پێ ئەڵێت. دیارە مەبەست لە خوا، عیسایە.
بەپێی قسەکانی نوێنەرێکی فەلەستینیەکان لە چاوپێکەوتنێکا لە گەڵ کەناڵی تەلەفزیونی بی بی سی، کە لە چەند هەفتەی داهاتودا بڵاودەکرێتەوە، بۆش بە نەبیل شەعث، کە وەزیری دەرەوەی دەسەلاتی فەلەستینیەکان بوو لە ساڵی 2003 لە شەرم الشیخ، دەڵێ؛ من لەلایەن خواوە پێمئەوترێ چیبکەم، خوا پێی ووتم، جورج برۆ شەری ئەو تیرۆرستانە بکە لە ئەفغانستان، منیش چووم. پاشان خوا پێی ووتم؛ برۆ دیکتاتۆریەت لە عێراق کۆتایی پێبێنە، چووم. پاشان خوا دەربارەی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل و دروستکردنی دەوڵەتێ بۆ فەلەستینیەکان پێی ووتوە، ئێستا لە بەدیهێنانی ئەوەدایە. (دەبێ خوا کەی بەسەرۆک بۆش بڵێ دەربارەی دروستکردنی دەوڵەتێ کوردی؟!؟!)
بۆش لە ساڵی 1985 لە سەردەستی قەشەی ناسراو بیللی گراهام، لە پیاوێکی مەشروب خۆرەوە بۆ بە مەسیحیەکی سەرلەنوێ لە دایک بوو، یان ئیڤانجێلیکاڵ. ئەو کاتە گراهام بە بۆشی گووت هەرگیز خوا بەکارمەهێنە. بەڵام لەوە ئەچێ بۆش ئەو ئامۆژگارییەی لە بیرکردبێ، یان بارودۆخەکە بە جۆرێک گۆراوە کە پێویستە خوا بەکاربێنێ. هەرچەندە بەکارهێنانی خوا لە لایەن بۆشەوە نوێ نیە، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایی هەڵبژاردنێ بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا. ئەو کاتە بۆش کە دوودڵی ئەوە بوو کە ئایا خۆی هەڵبژێرێ؛ بە قەشەی ئیڤانجێلیکاڵی تەکساس جیمس رۆبنسنی گووت، وا هەست ئەکەم خوا پێم ئەڵێ کە خۆت بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێرە، نازانم چۆن لێکی دەمەوە، بەڵام وا هەستئەکەم وولاتەکەم پێویستی پێم ئەبێت. ئەزانم کارێکی ئاسان نابێت نە بۆخۆم و نە بۆ خێزانەکەم، بەڵام خوا ئەیەوێ. لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 لە سەرۆک بۆشیان پرسی دەربارەی ئەوەی چ بیریارێ یان فەیلەسوفێکی بەلاوە باشە، ئەویش لەوەڵاما ووتی، یەسوعی لە خاچدراو، چونکە ئەو دڵی گۆریم.
بۆ تێگەشتن لەم دیاریدەیە، پەیوەندی خوا و بۆش، دەبێ لە چەندین دیاریدەی تر بگەین، کە ڕەگیان لە ئایینناسی و دەسەلات و فەلسەفەو سیاسەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای ئەمریکیا هەیە. بانگەشەکردنی دەسەلاتداران بەوەی کە نوێنەری خودان، یان خەلیفەن، مێژوویەکی درێژی هەیە. مێژوویەک بە هاتنی مۆدێرنە بە تایبەتی رینێسانس کۆتایی پێهات. ئەگەر خوا نموونەی پاکی و ڕاستی و عەدالەت زۆری تر لە سیفەتە باشەکانە، ئەوا نوێنەرەکانی لە سەر زەوی هەردەم ئەو سیفەتانەیان وەها بەکارهێناوە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ دەسەلاتی خۆیان، کە لە زۆربەی جاردا دەسەلاتێکی ناعادیلانەبووە.
بڕوای سەرۆک بۆش بە خودا، یان ئەو جۆرە مەسیحیەتەی کە بۆش بڕوای پێیەتی بڕوایەکی تایبەت نیە، بەڵکو دیاریدەیەکەی لەم بیست و پێنج ساڵەی دوایدا بەشێوەیەکی بێوێنە بە ئەمەریکادا بڵاوبوەتەوە، ئەم ئاینە پێی دەڵێن ئیڤانجێلیکاڵ. ئاین هەردەم بەشێک بووە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەمریکی. کۆچکەرە سەرەتاکان بۆ ئەمریکا لە دەست

چەوسانەوەی ئاینی لە ئەوروپا هەڵاتن. بۆیە لەوێ بروایان وەهابوو کە شارێک بە سەر گردێکەوە دروستئەکەن؛ کە مەبەستیان لێی ئەوەبوو، لە کاتێکا گەندەڵی سەرتاپا دونیای گرتوە، ئەوان لە ئەمریکا لەو خاکە نوێیە، شارێکی نوێ بونیادئەنێین کە لە هەموو شوێنێکی تر بەرزترو گەشاوەتربێت. هەر لە ساتەوەختی کۆلۆنیکردنەوە تا ئەمرۆ ئاین لە کۆمەڵگای ئەمریکیا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بواری گشتیا. بەلای هەندێ ئایینناسەوە کلێسا لە ئەمریکا ئەو جێگایەیە کە خەڵک بەیەکەوە ئەبەستێ. پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەویترا، ناسینی ئەویتر ئەو بەها گرنگەیە کە سۆسۆلۆجی ناسراو رۆبۆرت پۆتمان ناوی ئەنێت" سەرمایەی کۆمەڵایەتی"، کە تا زیاترترت هەبێ ئاسانتر و باشتر ئەژیت. ئەگەر ئاین لای پرۆتستانەکان سەرچاوەکەی دونیابینیان بوو ئەوا بە هەمان شێوە لای رەش پێستەکان کلێسا ئەو جێگایەبوو کە رۆڵی ئینستیتوتێکی سەرەکی ئەبینی بۆ رێکخستنی بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان. هەرچەندە دەستوری ئەمریکا بە دێرێکی بەناوبانگ دەستپێ ئەکات ئەویش، ئێمە خەڵکی ئەمریکا، وە لە هەمانکاتدا کلێسا و دەوڵەت بە پێی دەستور لەیەک جیاکراونەتەوە، سەرەرای هەموو ئەمانە ئاین هەردەم رۆڵی گەورەی بینیوە لە کۆمەڵگای ئەمریکیا. نیوەی هەموو ئەو خەیرانەی کە لە ئەمریکا کۆئەکرێتەوە کە نزیکەی 15 تا 20 بلیون دۆلارە، دەبەخشرێتە کلێسا و رێکخراوە ئاینیەکان.

سەرەرای ئەوە ئاین هەردەم بەشێکی لێک نەبراوی کۆمەڵگایی ئەمریکی بووە، بەڵام سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئیڤانجێلکان دیاریدەیەکی تارادەیەک نوێیەو لە هەمانکاتدا جیاوازە لە شێوازە مەسیحیەتەکانی پێشوو. ئیڤانجێلیک؛ کە بەمانای گەیاندنی وشەی باش، یان قسەی چاک (خەیر) دێت، کە مەبەست لێی گەیاندنی ئایەتەکانی ئینجیلە. بزوتنەوەیەکە سەرەتاکانی دەگەرێتەوە بۆ قەشەی ئەڵمانی لوثەر کە لە سەدەی شانزەدا هەستا بە چاکسازی لە ئاینی مەسیحیەتدا بەوەی؛ دقی خستە سەرو دەسەلاتی پاپاوە. کە لەهەمانکاتدا شێوازێکە لە فەندەمەنتالیزم، بەوەی ئینجیل وەها تەماشائەکرێت کە دەقێک بێت بۆ پەیرەوکردن، بێ گوران یان شیکردنەوە. هەمان تێروانینە لای سەید قوتب، بۆیە جێی سەرسورمان نیە کە قەشە ئیڤانجێلیکەکان تێروانینەکانی قوتب بەکاردەهێنن لە رەخنە گرتنیانا لە کۆمەڵگایی ئەمریکی کە بە بروای ئەوان لە رێگایی راست لای داوە. ئەم تێروانینە بۆ ئاین. کە گوایە سەرچاوەی هەموو راستیەکانە، دەرمانی هەموو دەردەکانە، ئەرکێک ئەخاتە سەر باوەردارەکان؛ ئەویش ئەرکی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی ئاینەکەیە. لێرەوە ئیڤانجێلیکەکان لە ئەمریکا بە پێچەوانەی شێوازە ئاینیەکانی ترەوە لە هەموان زیاتر رێکخستوترن. لە لایەکی ترەوە ئەم ئاینە، ئاینێکی تاک کەسیە، بەو مانایە کەشێک نابێتە ئیڤانجێلکان چونکە خێزانەکەی ئیڤانجێلیکان بووە بەڵکو کەسەکان دەبێ خۆیان لەرێی خۆیانەوە بگەنە مەسیح، بۆیە لە هەمانکاتدا بەم ئاینە دەوترێ؛ سەرلەنوێ لە دایک بوو. ئەمە وەهای کردوە هەموو بروادارێک چیرۆکی تایبەتی خۆی هەبێ، لە روانگەی خودی خۆیەوە بۆ ئاینەکە بنوارێ. چیرۆکی بۆش؛ چیرۆکی پیاوێک بوو، وونبوو، موعدات لە سەر کحول، بۆیە هەردەم هەردەم دەڵێ؛ ئەگەر مەسیح نەبوایە ئێستا من لێرە نەبووم (مەبەستی کۆشکی سپیە) بەڵکو لە بارێک بووم. لە ئەمریکا زەمینەیەکی لە بار هەیە بۆ گەشەکردنی ئاینی لەم شێوازە. کۆمەڵگایی ئەمریکی کۆمەڵەگایەکی دابراوو بێبەزەییە. (لە داهاتوودا لە قسەکردنمان لە سەر خەونی ئەمریکی زیاتر ئەم لایەنە روون ئەکەینەوە) لە کاتێکا ئەگەر کەسێک تیا سەرکەوتونەبێت وەک تاوانبار سەیرئەکرێت. لە هەمانکاتدا ئەمریکا زۆرترین ژمارەی خەڵکی هەیە لە بەندیخانەدا بە بەراورد بە وولاتانی رۆژئاوا. بۆیە سەیرنیە ئیڤانجێلیکەکان لە بەندیخانەکان و شوێنەکانی چاککردنەوەی موعداتەکان رۆڵێکی گەورەبگێرن.

لە کاتێکا ئەمریکا سەرزەمینی مۆدێرنەیە؛ وولاتی کۆنترین دیموکراسی و یەکەم دەستورو جارنامەی مافەکان و هەتا بزوتنەوە فیمینستەکان و چەپە ئەنارکیستەکان (ووبلی)، لە هەمانکاتدا مۆدێرنە بارێکی قورسی لە سەر ژیان دروستکردوە کە بەلای زۆر کەسەوە بەرگەناگیرێ. بۆیە رەخنەگرتن لە مۆدێرنە لە ئەمریکا تەنانەت لە شێوازی سێکویلاریشدا تارادەیەک بەهێزە، وەک لیو شتراوس و ئالان بلوم کە ئەمرۆ بوونەتە فەیلەسوفانی پارێزەرەنوێکان. قسەکردن لە سەر ئەم فەیلەسوفانە ئیشی تایبەتی دەوێ، هەرچەندە هەندێک لە تێروانینەکانیان لە لایەن فاروق رەفیقەوە پەریوەتە ناو رۆشنبیری کوردی، بەڵام بەگشتی فەیلەسوفانێکی نەناسراون. لەلایەکی ترەوە هاتنەوەی ئاین بۆ ناو بواری گشتی لەلای هەندێک لە لێکۆڵەرەوان بە هەمان شێوە بە سەختی ئەو دۆخە لێک ئەدرێتەوە کە مۆدێرنە وەبەرهەمی هێناوە.

گەرانەوەی خوا بۆناو سیاسەت، بەم شێوازەی ئێستا، دیاریدەیەکی تارادەیەک نوێیە. هەرچەندە هەر لە رۆژانی باوانی دامەزرێنەرەوە ئاین بوونی هەبووە بەڵام بە شێوازێکی هارمۆنیانە. هەر لە سەرەتاوە لە ساڵی 1791دا لە رێی چاکسازیەکەوە لە دەستوری ئەمریکادا ئەوە چەسپا کە ئاین و دەوڵەت لەیەک جیابکرێنەوە. رەنگە توماس جیفرسون

و ئەو کارەی پێی هەستا یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندیە دەگمەنەی کە ئەمریکا لە گەڵ ئایندا هەیەتی. لە 20 کانونی یەکەمی ساڵی 1804 جێفرسون کە سەرۆکی ئەمریکابوو، چاپێکی نوێی لە ئینجیل بە چاپ گەیاند. هەرچەندە جیفرسون بە کەسێکی ئاینی نەناسراوە، بەڵام لەژێر کاریگەری مەسیحدابوو. جیفرسون هەستا بە پیاچوونەیەک بە سەرجەم ئینجیلدا، هەموو ئەو بەشانەی لابرد کە باسی؛ لە دایکبوون لە پاکیزە (مەبەست مەریەمی پاکیزە)، زیندووکردنەوەو هەر شتێکی تر لەو بارەوە کە پەیوەندی بە واقیع و ژیانەوە نەبێ. کتێبەکە ناونرا فەلسەفەی عیسا. بەم کارە جیفرسون عیسایەکی بەرهەم بە پێی پێویستی خۆی. بۆ جیفرسون و مادسن و ئەو باوانی تری دامەزرێنەر کارێکی تا بڵێی ئاسان بوو کە مەسیحیەت بکەنە ئاینی ئەمریکا بەڵام ئەوان دەستوریان کردە دەقێک کە دەوڵەت لەسەری دابمەزرێ و بروا بەرێوە.

بەڵام لەوە ئەچێ ئەمریکا لە دەروازەی گۆرانێکی مەترسیدارابێت. گۆرانی تێکەڵبوونی ئاین بە بواری گشتی. تێکەلبوونی ئاین و ئینجا خراپ بەکارهێنانی کارێکی ئەستەم ئەبێت. ئەگەر ئاین پێکهاتەیەکی باش بێت ئەوا بە گەندەڵبوونی یان بە تێکەڵبوونی بە سیاسەت بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی فاشستی، ئەوا دەبێتە پێکهاتەیەکی زۆر خراپ وەک لە پەندە لاتینیەکەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە. ئەم گۆرانە لەم چەند ساڵەی دوایدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێئەکرێ، بگرە بە ئاشکرا بوەتە بەشێکی سەرەکی سیاسەتکردن لە ئەمریکای ئەمرۆدا. ئەم دیاریدەیە تێکەڵبوونی ئاین بە سیاسەت بەتەواوی پێچەوانەی ئەو بارودۆخەیە کە چەند دەیەیەک لە مەوپێش هەبوو. چلو پێنج ساڵ لەمەوپێش کاتێک جۆن ئێف کەی کاندیدی دیموکراتەکان بوو بۆ سەرۆکایەتی خەڵکی لە ئەمریکا بە زۆری لە دوو روانگەوە رەخنەیان ئاراستەئەکرد، یەکەم بەوەی کەسێک هێشتا گەنجە بۆ بوون بە سەرۆک، دووەم بەوەی کاپۆلیکەو کاثۆلیکیش بەوە ناسراون مەیلی ئاینیان بەهێزە. خەڵکی ئەمریکا دەیانپرسی ئایا جۆن ئێف کەی گوێ لە ئەمریکا ئەگرێ یان لە ڤاتیکانەوە بریاری بۆدێ. بۆیە جۆن ئێف کەنەدی لە خیتابێکا ئەوەی بۆ خەڵک روونکردەوە. من کاندیدێکی کاتۆلیک نیم بۆ سەرۆکایەتی. من کاندیدی پارتی دیموکراتم کە وەها رێکەوت کاتۆلیک بم. من نوێنەرایەتی کلێساکەم ناکەم لە کاروباری گشتیا، کلێساکەشم نوێنەرایەتی من ناکات.

ئەمرۆ ئەمریکا جودایە. ئەگەر جاران ئاین بوارێک بوو باس نەئەکرا یان لە بەر خراپی پێویستی بە روونکردنەوە هەبوو، ئەوا ئەمرۆ هەموو کاندیدێک بە راشکاوانە بروای خۆی بۆ دەنگدەران رائەگەیەنێ. لە هەڵبژاردنی ساڵی 2000دا بۆ ئالگۆر بروا و خێزان دوو بەشی سەرەکی بوون لە ژیانی، بۆ بۆش عیسا باشترین فەیلەسوف و رێپیشاندەری ژیانیەتی. ئەمە تەنها پەیوەست نەبوو بە ژیانی تاکەکەسی ئەوانەوە بەڵکو وەک لە پاشاندا دەرکەوت کە دەنگی ئیڤانجێلیکەکان بوو بۆشیان هێنایە سەر دەسەڵات و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2004دا ئەمە باشتر روون بووەوە.

هاتنی ئاین بۆ ناو سیاسەت بە تایبەت سیاسەتی زلهێزترین هێزی دونیا مەترسیەکی گەورەیە. ئەگەر گەرانەوە بۆ ئاین پێویستیەکی ناوخۆی کۆمەڵگای ئەمریکیە، ئەوا چۆن کاریگەری ئەبێت لە سەر دارشتنی سیاسەتی ئەمریکی بەگشتی و سیاسەتی دەرەوەی بە تایبەت. لە ساڵی 1988 کۆنگرس یاسایەکی دەرکرد کە بە یاسای ئازادی ئاینی نێودەلەتی ناسراوە، ئەم یاسایە دەڵێ؛ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ئەمریکا پالپشت لە ئەو کەسانە بکات کە بەهۆی بروای ئاینیانەوە لە وڵاتانی بیانی دەچەوسێنرێننەوە، بۆ فەراهەم بوونی ئەمەش لە وەزارەتی دەرەوە باڵوێزێکی تایبەت هەبێ بۆ کاروباری ئاینی. لە پاش ئەم بریارە هەموو ساڵی لە 1ی ئایار کۆنگرسی ئەمریکی راپۆرتێک دەرئەکا دەربارەی کاروباری ئاینی لە وڵاتانی دەرەوە وە بەپێی ئەو راپۆرتی دەوڵەتی ئەمریکی وڵاتەکان پۆلێن دەکات. ئەمریکا تاکە وڵاتە لە دونیادا کە بە کاری وەها هەڵئەستێ. (دیارە تاقانە یان دەگمەن بوونی ئەمریکا بابەتێکی ئاڵۆزە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە).

تێروانینی ئاینی بۆ دونیا تێروانینێکی تۆتالیتارە، لە هەمانکاتدا دونیا بەو شێوەیە لێک ئەداتەوە کە دروستکراوەو مرۆڤ خولقێنراوەو ئەمانەش هەموو بۆ مەبەستێک کراون کە لە سەریانە بەدیبهێنن. رەگی ئەم بیرە دەگەرێتەوە بۆ پێش ئاین، فەیلەسوفانی یونان، لە هەموویان زیاتر ئەرستۆ ، وەک ئەشعیا بەرلین دەڵێ، بروایان وابوو کە هەموو شتێک مەبەستێکی تیادایە لە بەردەوام بوونیشیا هەوڵ ئەدا بۆ گەشتن بەو مەبەستە. هەر ئەم بیرۆکەیە ئەمرۆ لەلایەن پرۆتستانە توندرەوەکانەوە هەوڵئەدرێ بە دونیادا بڵاوبکرێتەوە. بەڵام بە هاتنی راشنالیست لە سەدەی هەژدەو نۆزدە، گۆرانێکی بنچینەی روویدا. بەلای راشنالیست یان عەقڵانیەکانەوە مەبەست لە هیچ شتێکا نیە، هەر مەبەستێک هەبێ مرۆڤ خۆی دروستیکردوە بۆ خزمەتکردنی خۆی و دەستەبەرکردنی پێویستیەکانی. بە پێی تێگەیشتنی ئاینی مرۆڤ ئەرکی لە سەرە بەرامبەر دروستکەری یان خولقێنەری.

هەر لەم ڕۆانگەیەوەیە کە ڕەخنە بەرامبەر ئەمریکا ئەکرێتەوە کە هێزەکەی بەکارئەهێنێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاینی. لێرەوە ئاین دەبێتە بەشێک لە تێڕوانینی ئەمریکا بۆ دونیا. لۆبیە ئاینیەکان کە ئەمرۆ کارێکی گەورەیان هەیە لە سەر ئیدارەکەی سەرۆک بۆش لە چەند ڕێگایەکەوە ئەتوانن کاربکەنە سەر ئەندامانی کۆنگریس و سەرۆک. لە ڕێگەی هەبوونی ڕێکخراوێکی تۆکمەو بەربڵاو، لە ڕێگای دەنگدانەوە، لە ڕێگای کۆمەککردنەوە.

بۆ ئێمەی کورد ئەم گۆرانە لە ئەمریکا کاریگەری دەبێت. ئیڤانجێلیکەکان لە نێو مەسیحیەکانی عێراقدا ئامادەییان هەیە، کە بەشێک لەو مەسیحیانە کوردن، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم هیچ دەربارەی، چیەتی ناسنامەی ئەوان نازانم، ئایا دەتوانن ببنە هێزێک یان نوێنەرێک بۆ گەیاندنی کێشەی کورد. لە لایەکی ترەوە ئیڤانجێلیکەکان بەگشتی پاڵپشتی هەندێک لە پرنسیپ ئەکەن کە بەگشتی پرنسیپی مرۆڤانەن؛ وەک سەربەخۆی تاک، مافی سەرمایە، دژایەتی چەوسانەوە و چەندانی تر. بەڵام ئەوەی مایەی مەترسیە خودی ئاین خۆی نیە، بەڵکو وەبەرهەم هێنانەوەی ئاینە بەبەرگێکی سیاسیەوە.